السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئێمە والله فەرمانڕەوایی ئەم بەرپرسیارێتیە نادەین بە کەسێک داوای بکات، یان هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی بدات

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «من ودوو ئامۆزام چووین بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، یەکیان ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمانڕەوایی هەندێک لەو شتانەم پێببەخشە کە خودا -عَزَّ وَجَلَّ- تۆی کردووە بە فەرمانڕەوا بەسەریانەوە، وئەوی تریش هەمان قسەی کرد، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئێمە والله فەرمانڕەوایی ئەم بەرپرسیارێتیە نادەین بە کەسێک داوای بکات، یان هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی بدات».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

فەرموودەکە نەهی کردنی تێدایە سەبارەت بە داوای کردنی دەسەڵات وفەرمانڕەوایەتی یان هەوڵدان وسوور بوون بۆ بەدەستهێنانی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک دوو پیاو داوایان لێکرد بەوەی ببن بە دەسەڵاتدار بەسەر هەندێک لەو شتانەی خوای گەورە پێی بەخشیووە، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئێمە والله فەرمانڕەوایی ئەم بەرپرسیارێتیە نادەین بە کەسێک داوای بکات، یان هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی بدات)؛ واتا ئێمە فەرمانڕەوایەتی نادەین بە کەسێک کە داوا بکات ببێت بە فەرمانڕەوا، یان هەوڵبدات وسوور بێت بۆ بەدەستهێنانی چونکە ئەو کەسەی هەوڵی بۆ دەدات دەیەوێت خۆی دەسەڵاتی هەبێت نەک حاڵی خەڵکی چاک بکات، لەوەیە ئەو جۆرە کەسە تووشی ئەم تۆمەتە بێت بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە کەسێک بکرێت بە دەسەڵاتدار ئەگەر خۆی داوای بکات، ولە گێڕانەوەیەکی تردا دەفەرموێت: (ئەی عبدالرحمانی کوڕی سەمورە داوای پلەی دەسەڵات وفەرمانڕەوایەتی مەکە، چونکە ئەگەر تۆ داوای بکەیت بەهۆی پرسیارکردنەوە؛ ئەوا -پێت دەبەخشرێت- بەڵام پشتیوانی ناکرێت -یارمەتی نادرێیت بۆ بەڕێوەبردنی-، وئەگەر -فەرمانڕەواییت- پێ ببەخشرێت بە بێ پرسیارکردن -بە بێ داواکردنی-؛ ئەوا پشتیوانی دەکرێیت -یارمەتی دەدرێیت بۆ بەڕێوەبردنی-)؛ بۆیە نابێت کاربەدەست دەسەڵات ببەخشێت بە کەسێک لەسەر شارێک یان شوێنێک ئەگەر کەسەکە خۆی داوای بکات، ئەگەرچیش کەسەکە شیاوی ئەو بەرپرسیاریەتیە بێت، بەهەمان شێوە ئەگەر کەسێک داوای بوون بە دادوەر بکات لە وەزیری داد وبڵێت: دامبنێ وەکو دادوەر لەسەر فڵان شوێن؛ نابێت بکرێت بە دادوەر، بەڵام ئەگەر داوا بکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوێزرێتەوە ئەوا ئاساییە وئەم فەرموودەیە نایگرێتەوە؛ چونکە پێشووتر دادوەر بووە، وئەگەر بزانین مەبەستی دەسەڵات ونیەتی خراپی تری هەیە لەم دادوەرییە لەسەر فڵان شوێن ئەوا نابێت بگوێزرێتەوە؛ چونکە کردەوەکان بە پێی مەبەست ونیەتەکانە، ئەگەر کەسێک بڵێت ئەی چی سەبارەت بە وتەی پێغەمبەر یوسف -عليه الصلاة والسلام- کاتێک بە عەزیزی میسری فەرموو: {اجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَائِنِ الْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ} [یوسف: 55] واتە {لەسەر خەزێنە ودارایی زەوی (میسر) من دابنێ بەڕاستی من پارێزەرێکی شارەزام}، ئێمە لێرەدا دوو وەڵام دەدەینەوە: یەکەم/ ئەگەر دەقێک یان بابەتێک لە شەریعەتەکانی پێشووتردا هاتبێت ئەوا شەریعەتە بۆ ئێمە ئەگەر پێچەوانەی شەریعەتی ئێمە نەبێت وئەمیش بنچینەیەکی ناسراوە لای ئوسوڵیەکان کە دەڵێن: (شەریعەتی ئەوانەی پێش ئێمە؛ شەریعەتیشە بۆ ئێمە ئەگەر شتێک نەهاتبێت لە شەریعەتەکەماندا کە پێچەوانەی بێت)، ولە شەریعەتی ئێمەدا پێچەوانەی ئەمە هاتووە کە نابێت دەسەڵات بدرێتە کەسێک کە داوای دەکات. دووەم/ یوسف -عليه السلام- بینی کە سامانی وڵات بە فیڕۆ دەدرێت ویاری پێدەکرێت؛ بۆیە ویستی وڵاتەکە لەم یارییپێکردنە ڕزگار بکات، ومەبەستی لەناوبردنی پیلان وکردەوەی خراپ بوو، ولێرەدا ئاساییە، بۆ نمونە ئەگەر بینیمان دەسەڵاتدارێک لە شوێنێکدا بەرپرسیارێتیەکەی فەوتاندووە وژیانی خەڵکی ناڕەحەت کردووە، ئەوا کەسی چاک بۆی هەیە داوای دەسەڵات بکات لەو شوێنە ئەگەر کەسی تر نەبوو شوێنی ئەو خراپەکارە بگرێتەوە، وبۆی هەیە داوا لە فەرمانڕەوای ناوچەکە یان وڵاتەکە بکات بۆ ئەوەی بیکات بە دەسەڵاتدار لە شوێنی ئەو خراپەکارە، پێی بڵێت: دەسەڵاتم بدەرێ لە فڵان شوێندا؛ بۆ ئەوەی خراپەکاری نەهێڵم، لەم حاڵەتەدا

ئاساییە چونکە لەگەڵ بنچینەکاندا دەگونجێت، لە فەرموودەی عوسمانی کوڕی ئەبی عاس هاتووە کە بە پێغەمبەری ووت -صلى الله عليه وسلم- : (پێشەوایەتی -ئیمامەتی- قەومەکەی خۆم بە من ببەخشە - واتا لە کاتی نوێژدا-) ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (تۆ پێشەوای -ئیمامی- ئەوانیت)، هەندێک لە زانایان دەڵێن: دروستە داوای ئیمامەتی -پێشەوایەتی- بکرێت بۆ ئەنجامدانی خێر وچاکەکاری، لە نزای بەندەکانی خوای میهرەباندا هاتووە کە خوای گەورە وەسفیانی کردووە ونزاکەیانی باسکردووە لە قورئانی پیرۆزدا کە دەڵێن: {وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا} [الفرقان: 74] واتە: {وپێشەوایەتی پارێزکاران (لە خودا ترسان) بە ئێمە ببەخشە}، ئەمە داواکردنی دەسەڵاتی دونیایی نییە، چونکە دەسەڵاتی دونیایی مەکروهە داوا بکرێت وئەو کەسەی داوای دەکات پشتیوانی ناکرێت وشایستە نییە پێی بدرێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3517